# سەرنجێکی کورت لەسەر مەنهاجی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان

ئەحمەد معین

بوونی سیستمێکی سیاسی مۆدێرن وشارستانی وديموکرات وکوتايی هێنان بە حکوومەتی حيزب وکۆنترۆڵکردنی ئيدارات لەلايەن هەردوو دەسەڵاتداری کوردستانەوە ئاواتێکی گەورەی هەموو خەڵکی کوردستانە.

ئەوەی تا ئێستا لەکوردستاندا ناوی نراوە ( حکوومەت ) زياتر لە دابەشکردنی ناوچەکانی کوردستان ئەچوو لەسەردەمی بوونی ئەم 2 حيزبە لە شاخدا نەک سيستمێکی دەسەڵاتدارەتی سياسی وئيداری مۆدێرن کە پشتی بەستبێت بە کۆمەڵێک بنەمای دەستووری وقانوونی.

پێناسەکردنی ئەرک ومافەکانی هەر دەسەڵاتێکی سياسی بەشێوەی سەربەخۆ وخۆی لەخۆيدا کارێکی دژوار وئەستەمە. ديوەکەی تری هاوکێشەی دەسەڵات ( هەر دەسەڵاتێک ) خەڵکە . بەوپێيە سروشت وخەسڵەتی هەر دەسەڵاتێک بەجۆری پەيوەندی لەگەڵ خەڵکدا ئەناسرێتەوە.

پەيوەندی دەسەڵات وخەڵکيش لەسەردەمی ئەمڕۆدا ( هەر لەشۆڕشی فەرەنساوە ) لەسەر چەند بناغەيەک دياری ئەکرێت کە جياوازە لەسەردەمی شێوەی دەسەڵاتدارەتی ڕەعيەت وکوێخا يان شوان ومێگەل.

يەکێک لەبنەڕەتی ترين ئەو بناغانە بريتيە لە پێناسەکردنی ئەو پەيوەنديە لە چوارچێوەی هاوکێشەی : دەسەڵات – هاووڵاتيدا.

هەر بۆ نموونە هەردوو دەسەڵاتی يەکێتی نيشتيمانی کوردستان وپارتی ديموکراتی کوردستان وئەوەی کە ناسرابوو بە حکوومەتی هەولێر و سلێمانی بەچەند تايبەتمەندی دەناسرانەوە:

يەکەم: حکوومەتی حيزب بوون وسەرتاخواری ياسا وبڕيار وکارەکان وتەرکيبە وبەکورتی مەنهاج وبەرنامەی ئەو 2 دەسەڵاتە وێنەيەکی کتومتی بەرنامە وسياسەت وعەقليەتی هەردوو حيزبی ناوبراو بوون وئەوە سەرچاوەيان بوو .

دووەم: هەر سێ دەسەڵاتی ياسادانان وجێبەجێکردن و دادوەری بەتەواوی لەيەک شەتەک درابوون وبەيەکداچووبوون .

سێيەم : شتێک نەبوو ناوی بوودجەی حکوومەت بێت ونەک هەر ئەوەش بگرە بوودجەی حيزب وحکوومەت تێکەڵ بوون.

لەچەندين سالی تەمەنی ئەو دوو دەسەڵاتە وتەنانەت لەقۆناغی 2 ساڵی حکوومەتە هاوبەشەکەی هەولێريشدا ( 92-94 ) يان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەمان دياردە سەروەر بوو وهيچ چاودێرێکی سەربەخۆ وتەنانەت لە دەسەڵاتداريەکەی خۆشياندا نەبوو بۆ چاودێريکردنی بوودجە.

ڕەنگ بێ ئەم حالەتەی کوردستان نموونەيەکی کەم وێنە ودەگمەن بێت بۆ نەبوونی هيچ بەڵگەنامەيەکی ياسايی ودەستووری ومالی وژمێرياری لەبواری نيشاندانی خەرج وداهات. ئێستاش هيچ پسپۆرێکی بودجە وماليە وژمێرياری نازانێ ئايا لە سالی( 1992 ) ەوە تا ئێستا بودجەی ئەم 2 دەسەڵاتە ( عجز ) ی تيابووە يا زيادە ( واتە فائيز ). بڕی چەند بووە وسەرچاوەکەی چی بووە؟مەيدانەکانی خەرجکردنی چی بوون؟ ئەولەويەتەکانی بودجەکەيان چی بووە؟

چوارەم : هێزی سەرەکی و زۆر جار تەنيا هێزی( سەپاندنی ياسا !) واتە هەر هەمان ياسا کە سەرچاوەکەی هەمان دەسەڵاتدارەتی حيزبی بووە، هێزی ئاسايش بووە کە ئەويشيان هەم پەيڕەوی لە دەسەڵاتی حيزب کردووە و هەم پێکهاتەکەشی کوادری هەمان حيزب بووە و( ولاء )ی يەکەم ودوايی هەر بۆ ئەوان بووە. کەس ئەتوانێ هەر بۆ نموونە بڵێ کە هێزی ئاسايش بەپێ ی چ ياسايەک دامەزراوە و بۆ نموونە ( دادگايەکی باڵای دەستووری ) سەربەخۆ هەبووە بۆ لێپرسينەوە لە سەرپێچيەکانی و پێشێلکردنەکانی لەبواری مافی مرۆڤدا کە زۆر وزەبەندبوون؟

لەو پێشەکیە کورتەوە دێمە سەر مەسەلەی سەرەکی ئەم وتــارە وگرنگتــرین بابــەتی ئالوگۆڕەکــانی ئــەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی عێراق کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەیە.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەبۆنەی ئەوەی خۆی نــاوی ئــەنێ ( ڕاگەیانــدنی کابینــەی پێنجەم ) وئەوەی لە میدیا کوردی وعــێراقیەکاندا نــاوی نــراوە ( یەکگرتنــەوەی هــەردوو ئیــدارە ) ووتارێــکی لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا پێشکەشکرد. ئەم ووتارە وەکوو دیارە مەنهاجــێکی گشتی بــەڵام تێروتەسەلی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستانە.

بەپێچەوانەی هەر مەنهاجێکی حکوومیەوە کە دەبــێ لــەڕووی ئوســوولێەوە بــە زمانــێکی سیاســی ویاســایی بەلێنەکانی لەبواری جۆراوجۆری کۆمەلآیەتی وسیاسی وئــابووری وبوارەکــانی تــری پەیوەنــدیدار بــەژیانی خەلکەوە بە ئامار و ژمارە و پرۆژەی زۆر دیــاریکراو و هــەروەها میکــانیزمی جێبەجــێکردنی ئــەو بەرنامەیــە ڕابگەیەنێت، ووتارەکەی سەرۆکی حکوومەت لەڕووی فۆرمەوە زۆربەی گشتی، قسەی مەعنەوی، ئامۆژگاری بــۆ خەلک، ونموونەیەکی تری ئەو خیتابە سیاسیە حیزبیە بوو کــە ســالەهای ســالە خــەلکی کوردســتان پــێ ی ڕاهاتوون بەلآم زۆریش لێ ی بێزاربوون.

هەر بۆ نموونە لەووتارەکەدا پێ لەسەر ئەم جۆرە شتانە داگــیراوە کــە نەهیــچیان تــازەن ونــە نیــشاندەری پابەندبوونن بە هیچ شتێکی ڕۆشنەوە ونەمیکانیزم وشێواز ودەزگاکانی جێبەجێکردنیان دەسنیشان کراون:

( بایەخ دان بە هاوولآتیان بەبێ جیاوازی )

( ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان )

( پابەندبوون بە یاسا )

( ئازادی تاک وکۆمەڵ )

( پێکهێنانی سیستەمێکی حوکمڕانی باش ) وەهها نموونەی تری لەو بابەتە.

لێرەدا بۆ من وپێم وایە بۆ زۆربەی خەلک ئەو پرسیارە خۆبەخۆ بێتە ئاراوە کە : پــێوانەکانی ( بایەخــدان بــە هاوولآتیان ) چین ؟ ڕەنگ بێ لای کەسێک بنیاتنانی ( شاری خەونەکان ) ئەو مانایەی هەبێ وبــۆ کەســێکی تــر ماوەی هاتنەوەی کارەبا لە 8 سەعاتدا لە ڕۆژ. بۆ یەکێک مانای ( ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان ) ئەوە بێت کــە ناوی لە کابینەی نوێ بەوەزیر دەربچێ یا بە مدیر عام دابمەزرێ و بۆ یەکێکی تر ئەنجامــدانی ( معاملەیــەکی تاپۆ ) کە 2 ساڵە پێوەی گیرۆدە بووە. پــێوەری ( پابەنــدبوون بەیاســا)وە تــەنها بەلێنــێک نیــە. پــێم وایــە گەندەلترین حکوومەتی سەرزەویش هەر هەمان ڕستە دووبارە بکاتەوە بەلآم جیاوازیەکە لەوەدایە بــزانین ئــەم کابینە تازەیە کە زۆربەیان هەر لەو کەسانە پێکهاتوون کە ئەندامی کابینەکانی پێشووتر بوون یا دەسەلآتداری پایەبەرزبوون تێیدا چ یاسا وبڕیار وئیجرائاتێک دەگرنەبەر بۆ بەرجەستەکردنەوەی ( پابەندبوون بەیاســا)وە. جگە لەوەش هەر لەسەرۆکی حکوومەتەوە تا زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم کابینەیە بەشێکن لەهەمان سیــستمی حیزبی و ئیداری کە خەلکی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی تاڵ وسوێری لەگەلیاندا هەیە وگەر باسی پێشێلکردنی یاسا بکرێ ئەوە یەکەمین کەس ڕووی خۆیان ئەگرێتەوە.

کاتێک سەرۆکی حکوومەت پێدائەگرێ لەسەر ( بایەخدان بە هاوولآتیان بە بێ جیاوازی) هەموو کەس لــەخۆی ئەپرسێ: مەگەر موعجیزەیەک ڕوویدابێت ئەگینا ئەو دوو حکوومەتەی پێشوو کە ئێستا هەر خۆشــیان ئەبنــەوە بە یەک حکوومەت ئامادە نەبوون تەنیا چاری مەسەلەی ئاو وکارەبــا بکــەن ئیتــر شــەرعیەتیان چــۆن لەژێــر پرسیار هاتە دەر وئێستا ئامۆژگاری ئێمە ئەکەن کە ڕێز لەیاســا بگــرین . ئــەی هــەر خۆیــان و زۆر جــار بــە ئیعتیرافی خۆیان لە کاتی کێشەکانیاندا باسی سەرپێچیەکان لە یاسا وهەزار گەندەلی تریان نەدەکرد؟

سەرۆکی حکوومەتی کابینەی پێنجەم ئەلێ( ئێمە شانازی بەگەلی خۆمانــەوە دەکــەین وبەشایــستەی دەزانــین خزمەتی باشتری بکەین).

سادەترین ستانداردی خزمەتی باشتر بەلەبەرچاوگرتنی پێویستیەکانی خەلکی کوردستان لە ئێستادا ئەمانەن:

یەکەم: دابینکردنی کار یا بیمەی بێکاری بۆ سەدان هەزار بێکار.

دووەم: دانانی قانوون کارێکی پێشکەوتوو کە لە هیچ سووچێکی قسەکانی کاک نێــچیرڤان بارزانیــدا تەنانــەت بەشکلیش باسی نەکراوە.

سێیەم: دانانی قانوونێکی مۆدێرن بۆ ڕێکخستنی بواری باری تاکەکەسی ( ئەحوال شەخسی ) کە دوایی بە قانوونی دواکەوتووی ئێستا بهێنێت کە سەرتاپای دژی ژن ومناڵە.

چوارەم : گۆڕینی مەنهەجی خوێندن لەڕەگ وریشەوە لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا وهەروەها گۆڕینی سیستمی ئیداری دواکەوتووی بواری خوێندن.

پێنجەم: دابینکردنی ئازادیە مدنی وسیاسیەکان وکۆتایی پێهێنان بە ڕاپێچکردنی ڕۆژنامەنووسان، نووسەران، هەڵسووڕاوانی سیاسی و...هتد بۆ دادگا وئاسایش کەنموونەکانی ڕۆژانە ئەبینین . ئیتر شەرمە و بیانوو هەڵناگرێت کە بە یاسای سزادانی عێراقی سەردەمی بەعس هیچ کەس دادگایی بکرێت. مافی مانگرتن وخۆپیشاندان و ئیمزاکۆکردنەوە بۆ هەر داخوازیەک بەشێکە لە سیستمی ئەمڕۆ ونابێ بەهیچ بیانوویەکەوە پێشیل بکرێن.

شەشەم :سیستمێکی سیاسی وئیداری مۆدێرن لەمڕۆدا بەوە دەناسرێتەوە کە سەرچاوەی یاساکانی لە بڕیارنامە نێودەوڵەتیەکانەوە هەڵبهێنجێنت لە بابەتی : جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ، پەیماننامەی نێودەولەتی پارێزگاری لە مناڵ، پەیماننامەی جیهانی دژایەتی لەگەڵ ئەشکەنجە و...هتد.

: حەوتەم: فتوادان وهاندانی کوشتن یا ئازاردان یا بێبەشککردنی هەر هاووڵاتیەک لەمافەکانی بە پێ ی هەڵوێستی لەسەر مەسەلەی ئایین یا ئینتیمای بۆ ئاینێکی تر یا بەکارهێنانی مینبەری مزگەوت بۆ جاڕدانی بیروباوەڕی سیاسی دیاردەیەک بووە کە لە چەند ساڵی ڕابووردوودا لە کوردستان قوربانی زۆری لێکەوتۆتەوە و هەردوو حیزب وئیدارە لێ ی بێدەنگ بوون و لە ووتارەکەی سەرۆکی حکوومەت ( یا مەنهاجی کابینەی حکوومەتدا) هیچ ئاماژەیەکی پێناکرێ وئەوەش بەشێوەی ئۆتۆماتیکی مانای درێژەدان بەو حاڵەتە دێت بە تایبەتی کە لایەنێکی ئیسلامی بە پێ ی ڕێکەوتنێک لە کابینەکەدا بەشداریان کردووە و جگە لەوەش دەستووری عێراقی کە لە مەنهاجەکەدا وەک مەرجەع دەناسرێ ئەوانەی لە ژێر زۆر بیانوودا بەڕەسمی ناسیوە.

بەڵێندان بە بەرقەرارکردنی ( ئازادی تاک وکۆمەڵ ) و ( سەروەری یاسا ) و ( پشتگیری پرۆسەی دیموکراسی ) چ مانایەکی هەیە کە کەسان یا لایەن هەبن بەڕۆژی ڕووناک وبەبەرچاوی هەموو دام ودەزگاکانی حکوومەتەوە جاڕی فتوا بدەن و کەسیش لەگوێ کاڵتریان پێ نەڵێت!؟.

هەشتەم : لە زۆر شوێنی ووتارەکەی سەرۆکی کابینەی پێنجەمدا باسی دیاردەی گەندەڵی کراوە. سەرۆکی کابینە ئەڵێ: ( ئێمە ئاگادارین زۆر باس لە گەندەڵی ئیداری ودارایی دەکرێت) پاشان ئەڵێ ( ئەم بابەتە جێگەی شەرمەزاریە ، بۆ گەل وحکوومەتەکەمان و بۆ هەریەک لە ئێمە.) خەتی تەئکیدەکە هی منە.

ڕاستی سەیرە گەلێک کە قوربانی گەندەلی ئیدارە و کەسانێک بێ کە وەکوو خۆی ئەڵێ ( ئاگادارین ! ) لە کارنامە گەندەڵەکەی هەر هەمان گەل کە باجی ئەو دیاردەیەی داوە ئاوا ڕسواش بکرێت !.

لێرەدا زۆر پرسیار خۆیان ئەسەپێنن: تۆ بڵێ ی گەندەڵی بۆ نموونە وەکوو ئەنفلۆنزای باڵندە پەتایەکی سروشتی یا ڤایرۆسێک بێت پێشی پێ نەگیرێ؟ ئایا ئەوانەی بەو کارە گەندەڵانە هەڵساون بە ناو وناونیشان وپۆست و پلەێ حیزبیانەوە دیار وئاشکرانین؟ ئایا بۆ تا ئێستا هیچ ئیجرائاتێک نەکرا تا خەڵک بڕوا بەبەڵێنەکانی سەرۆکی حکوومەت بکات بۆ قۆناغی داهاتوو؟. ئایا ئەوانەی ئەندامی کابینەی تازەن بە مانای لێپرسراوەتی بەکۆمەڵ یا وەکوو تاکەکەس هێچیان گومانی گەندەڵیان لەسەر نیە؟ ئایا ئەو دەستەیەی بەپێی ووتارەکە بڕیارە پێکبێت بۆ ( بەدواداچوون ولێکۆڵینەوە! ) نەک لێپرسینەوە وسزادان ، لەلایەن کام دام ودەزگا وبە چ ستانداردێک پێکدێت و خەڵک لە کام کەناڵەوە وورد ودرشتی کارەکانی ئەبیستێ؟ ئایا وەکوو وا باوە لەناو خەڵکدا گەندەڵی بەرهەمی سیاسەت وپراتیک وشێوەی ئیدارەکردنی خۆتان نەبووە؟ بەکام پێوانە ئەکرێ هەمان لایەن ودام ودەزگا خۆی تاوانباری گەندەڵی وخۆشی لێکۆڵینەوەی تیا بکات دادوەری کەیسەکەش بێت؟ ئایا هیچ چاوەڕوانیەک لەوەها لێکۆڵینەوەیەک ئەکرێ؟ قەرەبووی قوربانیەکانی ئەکرێتەوە؟

کاتێک من لەپێشەوە ووتم کە سەرۆکی کابینەی پێنجەم لەبواری خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان وئازادیە فەردی وسیاسیەکاندا یا لەبواری گۆڕینی یاساکان بەقازانجی ژنان، کرێکاران، لاوان ، خوێنکاران وبابەتی تری لەوجۆرەدا بەڵێنی شتێکی ڕۆشن ودیاریکراو نادات ئەوە بەو مانایە نیە مەنهاجی کابینەی ناوبراو بۆ چین وتوێژی تریش بەتایبەتی بۆ خەڵکی خاوەن سەروەت وسەرمایە هەروا کیسەی خاڵی بێت.

بەپێچەوانەوە لەم بوارەیاندا ( کە بەشی زۆری ووتارەکەی گرتۆتەوە ) بەڵێنی بەهەشتێکی ڕاستەقینە ئەدات.
هەر لەسەرەتاشەوە کە نێچیرڤان بارزانی ئەڵێ: ( پێکهێنانی سیستەمێکی حوکمڕانی باش ) بەم بەشەی قسەکانیدا دەرئەکەوێ کە مەبەستی لەم سیستەمە ئەوە بێ کە ئاسانکاری وئیمکاناتی لەمەی ئێستاش زیاتر بۆ ئەو چینە دەوڵەمەندانە دابین بکات وبەتەواوی دەستیان والابکات بۆ کەڵەکەکردنی زیاتری سەروەت وسامانەکانیان.
سەرۆکی کابینە ئەڵێ : ( کاردەکەین بۆ ڕێکخستنی سیستەمی بازار ) . هەروەها ئەڵێ: ( حکوومەتی هەرێم ، پشتگیری لە هێنانی بانکی نێودەوڵەتی دەکات) . دواتر ئەڵێ : ( ئابووری ئێمە بەرەو پێش ناچێت ئەگەر دەرفەت لەبەردەم کەرتی تایبەت نەبێت).
ئەوەی یەک ڕۆژ بەسەردانیش چووبێتە کوردستان ئەزانێ کە کەرتی تایبەتی نەک تا ئێستا هیچ بەربەستێکی لەبەردەمدا نەبووە بەڵکوو هەموو ئاسانکاریەکی لەلایەن هەردوو ئیدارەکەوە بۆ کراوە. ئەوەش نەک هەر نەبۆتە هۆی باشترکردنی ژیان وگوزەرانی خەڵک بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕێک لەسەر حیسابی ژیانی مەمرە ومەژی ئەوانبووە. جگە لەوەش خودی کاربەدەستان و لێپرسراوانی هەردوو حیزب خۆیان لەڕیزی پێشەوەی سەرمایەدارانی کوردستاندان وبڕبڕەپشتی ئابووری وبازاڕی کوردستان لەلایەن ئەوانەوە قۆرخ کراوە.
تاقیکردنەوەی بازاڕی ئازاد چ لەتورکیای پەنادەستی خۆمان( هەر بۆ نموونە) یا لەولاتانی تری دنیادا ( ئەورووپای شەرقی) نەک هەر نەیتوانیوە چاری گرانی، بێکاری، گرفتی خانووبەرە، هەژاری وسەرجەم دەردەکانی تری هاوچەشنی کوردستان بکات بەڵکوو خۆی بووە بە فاکتەرێکی سەربار بۆ پەرەپێدان بەو گرفتانە. مەنتیقی بازاڕی ئازاد وپەیامی کەرتی تایبەت شتێک نیە جگە لە قوولکردنەوەی قڵشتی نێوان چینی هەژار وزەحمەتکێشی کۆمەڵگا لەلایەک وهەڵئاوسانی سەروەتی کەمایەتیەکی خوێنمژی کۆمەڵ لەولاوە.
بەدیاریکراویش لەکوردستاندا مەسەلەکە چەند لایەنی تریشی هەیە:
یەکەم : ئاسانکاری وپشتگیری وبەرەلاکردنی دەستی ( کەرتی تایبەتی) و کارکردن بە یاساکانی ( بازاڕی ئازاد) لەکوردستاندا نەک هەر ڕەوتێکی تازە نیە لە سیاسەتی هەردوو حیزب وحکوومەتەکانیاندا بەڵکوو باری قورسی هەژاری وکوێرەوەری پانزە ساڵی ڕابووردووی خەڵکی کوردستان بەرهەم ودیاری ئەو جۆرە سیاسەتە بازرگانی وئابووریەن.
دووەم: خودی سەرکردایەتی هەردوو حیزب وهەردوو دەسەلات کە ئێستا کابینەی هاوبەش پێکدێنن گەورەترین سەرمایەداران وبازرگانانی کوردستانن وئیتر ئەوە وەکوو فۆلکلۆرێکی میللی لێهاتووە وهاشاکردن لێ ی زەحمەتە.
دیاردەیەکی نوێ ی ژیانی ئابووری کوردستانی عێراق لە 15 ساڵی ڕابووردوودا بریتیە لە سامانی ملیۆنی ونجوومی لێپرسراوانی حیزبی وحکوومی کە چ لەڕووی شوێنی ئابووری وچ لەڕووی ڕادەی سەرمایەکانیانەوە لە سەرووی لیستی سەرمایەدارانی کوردستان وناوچەکەشدان. ئەو جێگە وشوێنە ئابووریە بە هۆی جێ وشوێنی سیاسی ئەم توێژە نوێیەی سەرمایەدارانەوە لە کوردستان و ئیمتیازاتێکی تایبەتەوە کە بەوهۆیەوە لێ ی بەهرەمەندن لە پێشەوەی چینی سەرمایەداری کوردستاندا وەستاوە و ئەمڕۆ بەسوودوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە دەزگای حکوومەت چاوی لە جێ وشوێنێکی لەوەش بەرزتر بڕیوە.
سێیەم : نابێ ئەو تایبەتمەندیە سەرەکیەی کوردستان لەبەرچاونەگرین کە بریتیە لەڕووخانی ژێرخانی ئابووری کوردستان هەروەکوو سەرۆکی کابینەی نوێ ( دیارە بۆ مەبەستی تر ) لەووتارەکەیدا چەندین جار چۆتەسەری.
ئایا لە هیچ شوێنێکی دنیادا کەس بیستوویەتی کە ( کەرتی تایبەت) وسەرمایداران وخاوەن سەروەتی وولاتێک دەستی دابێتە ئاوەدانکردنەوەی وولاتەکە بە قازانجی خەڵک؟ ئایا لە 15 ساڵی ڕابووردوودا ئەو توێژە چی لەو بوارەدا کردووە با زۆر بچووکیش بێت؟ یا بەپێچەوانەوە ( کە ئەمیان ڕاستە) سەرمایە لە هەر شوێنێک ولەوانەش لەکوردستان تەنها مەنتیقی قازانج و چەند وچوونی ئەو قازانجەیە کە پاڵی پێوە دەنێ دەست بداتە هەر پرۆژەیەکی ئابووری.

دیاره ئەوەی سەرۆکی کابینەی تازە پێ ی دەڵێ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان لە ڕێگەی کەرتی تایبەت ولە چوارچێوەی مەنتیقی بازاڕی ئازاددا زۆر ڕۆشنە: ئازادکردنی دەستی سەرمایەدارانی ( خۆوولاتی !!) لەچوارچێوەی یاسای زۆر گونجاوی وەبەرهێنان ( هەروەک لەوتارەکەدا ئاماژەی پێکراوە) ، ئاسانکاری هەمەلایەنە بۆیان لە هەموو بوارێکدا ، دانی قەرز وئاسانکاری یاسایی تر پێیان، لابردنی هەموو جۆرە ئاستەنگێک لەبەردەمیاندا، کردنەوەی سیستمی بانکی مۆدێرن بۆیان ، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی بۆ ئەو بوارانەی کە بەمان پڕ ناکرێتەوە بەڵام دواتر بەرهەمەکەی بەقازانجی ئەم توێژە ئەشکێتەوە، و دەها شکڵ وشێوەی تر کە ئێستا سەرەتاکانی لە کوردستاندا ئەبینین.

بەڵام ئەو بایەخەی بەو ( کەرتی تایبەت )ە ئەدرێ نیوەی ئەوەش بەو کەرتانەی ئابووری وژیانی کۆمەڵایەتی نادرێ کە ئەرک وفەلسەفەی بوونی هەر حکوومەتێکە وئەرکی ئەنجامدانیان ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی ئەوە بەو هۆیەوە کە هەموو بەشی کوردستان لە خەزینەی دەوڵەتی ناوەندی ڕاستەوخۆ وبێ چاودێری هیچ دەزگا ولایەنێک دەدرێتە دەستی حکوومەتی کوردستان.

ڕێکخستنی سیستمی هاتووچۆی گشتی، بنیاتنان وچاککردنەوەی ڕێگا وێران بووەکانی کوردستان، بنیاتنانی هەزاران بینا بۆ قوتابخانەودانیشگا وپەیمانگاکان، بەشی ناوخۆیی گونجاوبۆ قوتابیان، دامەزراندن وتەیارکردنی سەدان خەستەخانە کە بەدەست دەیان کەم وکوڕیەوە گیرۆدەبوون، دامەزراندنی تۆڕێکی ڕێگا وبان بۆ لادێکان، دابینکردنی تۆڕی ئاو وکارەبا وڕزگارکردنی خەڵک لەوهەموو مەینەتیەی لەوبوارەدا پێوەی ئەناڵێنن ، دۆزینەوەی کار بۆ سەدان هەزار بێکاری هەر ئێستا ودەرچووانی بوارە جیاجیاکانی خوێندن، دابینکردنی شت و مەک لەبازاڕەکاندا ودانانی سیستمێکی نرخدانان کە لە گەڵ توانای ڕاستەقینەی کڕینی خەڵکدا بگونجێ، ودەیان مەسەلەی ئیستەرەمی تر نەک لەئەولەویاتی ئەم کابینەیەدا نین بەڵکوو زۆریان سپێردراون بە ڕەحمەتی ( کەرتی تایبەتی ) و ( بازا.ی ئازاد) .

لە کۆتاییشدا ولەگشت ئەوانەش سەیرتر ئەوەیە کە لەبورای بەرنامەی ئابووری کابینەی پێنجەمدا نێچیرڤان بارزانی باسی دەیان ئاسانکاری و یاسا و پێویستی بۆ ( کەرتی تایبەت ) ئەکات بەڵام بە یەک ووشەش باسی دانانی یاسای کارێک ناکات( لێرەدا قسە لەسەر ناوەڕۆکی یاسایەکی وا ناکەم) و بەوپێیە جۆری ڕێکخستنی وەبەرهێنان و کارپێکردن ( التشغيل ) وهەموو مەرج وچوارچێوەی ئەو مەسەلە گرنگەش جێدێڵێت بۆ ئارەزوو وڕەحمی خاوەن کار وخاوەن سەرمایەکان کە دیارە ئەوانیش بەو هەموو پشتگیریەوە کە بۆیان فەراهەم بکرێ چ بارودۆخێکی دژوار بەسەر کرێکاراندا ئەسەپێنن گەر ناڕەزایەتی ئەو چینە وباقی خەڵکی کوردستان ڕێیان پێ نەگرێت.

**ئایاری 2006**